Kurdistan parliamentl Iraq

Kurdistan - Erbil

NO:

DATE:

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

کوردستان ـ هەولێر

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری

ژمار : ٢٤

رۆژ : ٢٠١٢/٥/٢٣



## بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت / کۆبوونەوە

رۆژی ٢٠١٢/٥/٢٣ کۆبوونەوەی هاوبەشی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و ستافی وەزارەت بۆ تاوتوێکردنی بودجەی وەزارەت لەگەڵ لیژنەکەمان ئەم تێبینی و بۆچوونانەی خوارەوە باسکرا کە پێویستە لە بوودجەدا ڕەچاو بکرێت.

١ – پێدانی دەسەڵات بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ صرف کردنی پارەی (اعانات زراعی) وەك ساڵی پار.

٢ بودجە دابینبکرێت بۆ کارەساتە کشتوکاڵیەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی جووتیاران.

٣ – هاوتای وەزارەتی کارەبا و تەندروستی داهاتەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بدرێتەوە بە وەزارەت بۆ قەرەبووکردنەوە و کارەساتە سروشتیەکان ... هتد.

٤ – بودجەی بانکی کشتوکاڵی بەردەوام بێت لە درێژایی ساڵدا چونکە پرۆسەی کشتوکاڵی وەرزیە ئاستەمە پچڕاندنی تیا بێت.

٥ – کێشەی پێدانی مقاولات زۆربوونی لە پارێزگای هەولێرو کەڵەکە بوونی، پێشنیار هەیە ئەو پرۆژانەی هونەری ئەندازیاریەوە دەسەڵات بدرێتە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ کاری یاسایی پێویست بۆ پێدانی بە مقاولات لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە ووردتر پرۆژە گەورەکان بدرێتە وەزارەت.

٦ – لە پرۆژە یاسای بوودجەی ئەمساڵ ماددەی (١٦) یاسای بوودجە ئەمساڵیش دووبارە بکرێتەوە.

٧ – دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ پرۆسەی (تسویە و تملیك).

٨ – پێشنیار ئەکەین فرۆکەی ئاگر کوژێنەوە دابینبکرێت بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

***لەگەڵ ڕێزماندا...***

وێنەیەك بۆ :.

* لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ڕێزماندا.

| | | | |
|---|---|---|---|
| نسرين جمال مصطفى<br>ئەندام | ژيان عمر شريف<br>بڕیاردەر | سالم توما كاكو<br>ج. سەرۆكی لێژنە | جلال علی عبدالله<br>سەرۆكی لێژنەی كشتوكاڵ |
| زكيه صالح عبدالخالق<br>ئەندام | پێشەوا توفيق مغديد<br>ئەندام | شۆرش سيد مجيد<br>ئەندام | عبدالله محمود محمد<br>ئەندام |
| عبدالقادر اكرم جميل<br>ئەندام | حازم تحسين سعيد<br>ئەندام | | محمد احمد علی<br>ئەندام |